# دۆزەخی تەڵاق

**کۆمەڵناسان زور جار باسی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵگەی نەریتسالار لە زۆر بوارەوە غەدر لە ئافرەت دەکات، نموونەش بەوە دەهێننەوە کە پەنابردن بۆ جیابوونەوە و تەڵاق وەرگرتنی ئافرەت وەك دێوەزمەیەکی ترسناك تەماشای کراوەو تەنانەت هەندێك کەس بە ئابڕووچوون هەژماریان کردووە، بۆیە بەشێك لە ئافرەتان ئامادەبوون لە دۆزەخێکدا بژین، نەك پەنا بۆ جیابوونەوە ببەن. دەروونناسێکیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەزاران هاوسەر هیچ ڕایەڵەکی ڕۆحی لە نێوانیاندا نەماوە، بەڵام خۆیان بە دیلی گرێبەستەکانیان دەزانن و هەنگاوێك بۆ چارەسەری قەیرانەکانیان نانێن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەش لەو بارەیەوە را و سەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**



«ماوەی هەشت ساڵە هاوسەرگیریم لەگەڵ پیاوێکی بەناو رۆشنبیر کردووە، سێ منداڵی جوانمان هەیە، بەڵام لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا جەرگم هەشت کونی تێ بووە، هاوسەرەکەم دەست دەوەشێنێ، جنێو دەدات، سووکایەتیم پێدەکات، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بە راست و چەپ خیانەتم لێ دەکات، زۆرجار هەوڵمداوە لێی جیا ببمەوە و لەو ژیانە قێزەوەنە خۆم و منداڵەکانم رزگار بکەم، چونکە لە بەرامبەر زوڵم و زۆردارییەکانی خۆم زۆر بە کەم دیتە بەرچاو و هەست بە نەقس دەکەم، کەچی کەسوکارەکەم بەوە رازی نین، تەنانەت خوشکەکانیشم دەڵێن ئەگەر تۆ تەڵاق بدرێی ئێمە لای ماڵە خەزوورانمان ئابڕوومان دەچێ، هەرچەندە خاوەن داهاتی خۆمم و بۆ خەرجی خۆم و منداڵەکانم پەکم ناکەوێ، جگە لەوەی گوێ بە تێڕوانینی خەڵك نادەم، بەڵام دڵنیام ئەگەر جیا ببمەوە کەسوکارم یەکەم شت رێگەم نادەن دەوام بکەم، هەموو ئەو هۆکارانە وایانکردووە لەم ژیانە دۆزەخ ئاسایە گوزەران بکەم، ئەگەرچی خۆم و منداڵەکانیشم تووشی نەخۆشی دەروونی بووین» ئەوە قسەی گوڵاڵە عارفی تەمەن ٣٧ ساڵە.

هەر لەم روانگەیەوە دەروونناس و سەرۆکی سەنتەری خێزان سامان سیوەیلی رایوایە «لە کەلتووری کوردیدا پرۆسەی هاوسەرگیری هێندەی لە مەراسیمی یەکگرتن و تێکەڵبوونی دوو بنەماڵە، یان دوو عەشیرەت دەچێت، هێندە لە ئاوێتەبوونی دوو ڕۆح ناچێت. هەروەها بەدەر لەو دوو گرێبەستە (یاسایی و شەرعی)یەی لە دادگا و لە بەردەم مامۆستای ئاییندا ئەنجام دەدرێت، گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییانەی تریش خۆی دەسەپێنێت کە پێی دەڵێن خزمایەتی لەنێوان دوو خێزاندا». ئەو دەروونناسە زیاتر گوتی: «هەزاران خێزان هەیە هیچ ڕایەڵەکی ڕۆحی لەنێوان هاوسەرەکاندا نەماوە، تەنانەت زۆرێکیان پێکەوەنووستنیشیان لەگەڵ یەکتردا نەماوە، کەچی خۆیان بە دیلی گرێبەستەکانیان دەزانن و هەنگاوێك بۆ چارەسەری قەیرانەکانیان نانێن، کە جیابوونەوە یەکێکە لە چارەسەرەکان ئەگەرچی دەبێت وەك دواچارەسەر تەماشای بکرێت».

**سامان سیوەیلی گرفتەکانی ئەو جۆرە ژیانە هاوبەشەی بۆ چەندین فاکتەر گەڕاندەوە، لەوانە:**

یەکەم : ترس لەپێگەی کۆمەڵایەتی خێزان و خانەوادە هەڵگرانی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە جیابوونەوەی کچەکانیان بە ئابڕووچوون هەژمارکردووە، هەر بۆیە جیابوونەوە لە تێڕوانینی ئەواندا بە لەقکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی خێزان و خانەوادەکانیان زانیوە و ئەمەش بە بۆچوونی ئەوان بە شکێنەری شکۆی پیاوەکان دانراوە، هەر بۆیە لە ژێر هیچ پاساوێکدا ڕێگەیان بە کچەکانیان نەداوە هەرچەند پاساوی دروست و لۆژیکیشی هەبووبێت، پەنا بۆ جیابوونەوە ببات، بەم هۆیەوە بەردەوام ماڵە باوان ئەوەیان بۆ کچەکەیان دووپات کردۆتەوە کە بژاردەی جیابوونەوە هێڵی سوورە و تەنانەت لە زۆر باردا ئافرەتەکە دووچاری هەڕەشە و فشاری توندیش کراوەتەوە. لەم بارانەدا هەمیشە

ئافرەتان بوونەتە قوربانی بیرکردنەوەی پیاوسالارانەی باوك و برا و نێرەکانی خانەوادەکەی.

کاتێك ئافرەت لە ژیانی هاوسەرییدا دووچاری جیابوونەوە ببێت و بگەڕێتەوە ناو ماڵە باوانی، ئەوا ترسی خێزان و خانەوادەکەی زۆر زیاتر دەبێت لەو ترسەی لە سەردەمی کچێنی ئەواندا هەیانبووە.

دووەم: ترسە لە ئایندە. واتە هاوسەری ناچار بە جیابوونەوە، ئەگەر بشتوانێت هێڵی سووری یەکەم ببەزێنێت کە سزا کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگەیە، ئەوا بیرکردنەوە لە ئایندە واتە لە قۆناغی پاش جیابوونەوە دووبارە خۆی لە بەردەم دنیایەك گرفتدا دەبینێتەوە، لەو گرفتانە، شوێنی نیشتەجێبوون، لەبەر ئەوەی لە کەلتووری کوردیدا کەسی جیابووەوە بەتایبەتی ئافرەت، نەیتوانیوە بە تەنها، یان لەگەڵ منداڵەکانیدا (بەتایبەتی منداڵی بچووك) زیندەگی بکات و لە خانوویەکدا نیشتەجێ ببێت، بۆیە تاکە دەرگا لە دوای جیابوونەوە لەبەردەمیدا (ئەگەر واڵا بکرێت ماڵە باوانیەتی، ئەم دووبارە گەڕانەوەیەش بۆ ماڵە باوانی نەك هەر کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو لە زۆرینەی بارەکاندا گۆڕینی دۆزەخێکە بە دۆزەخێکی دی، چونکە ئەگەر لە ژیانی هاوسەریدا بەو پێودانگەی لە ژێر ساباتی ژیانی هاوسەریدا بووە، کەم تا زۆر ئازادییەکی هەبووە لە هەڵسوکەوت و پۆشاك و چوونە دەرەوەدا، ئەوا لە ماڵی باوانی سنووری ئەم ئازادییە زۆر بەر تەسك دەبێتەوە. بەڵام کاتێك بە ناسنامەیەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانەکەی کە ناسنامەی کچێنی لە دەستداوە و کۆمەڵگە ناسنامەیەکی تری پێبەخشیوە (بێوەژن)، ئیدی خێزان ترس لە دوو شت پەیدا دەکات، یەکەمیان کوڕان و پیاوانی کۆمەڵگە کە وەك نێچیرێکی لەبار و ڕەخساو تەماشای ئەم ئەندامەی ئەوان دەکات، چونکە پەردەی کچێنی نەماوە و لەبارترە بۆ پێوەندی سێکسی، دووەم ترس



لە ئارەزووە سێکسییەکانی کچەکەیان بەتایبەتی کە وەك کەسێکی دابڕاو لە ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسی دەیبینن. هەروەها ترس لە دابین نەبوونی بژێوی گرفتێکی دیکەیەو ئەو ئافرەتانەی کە خاوەن کارێکی سەربەخۆ نین، دەزانن دەبێت هەمیشە چاویان لە ڕەحمەتی کەسانی تر بێت، بەتایبەتی ئەگەر بە منداڵەوە بگەڕێتەوە سەر ماڵە باوان ئەو ئافرەتانەی کە خاوەن مووچە، یان کاری خۆیانن، ئەوا ڕەوشەکەیان ڕەنگە کەمێك باشتر بێت.

هەڤاڵ ئیبراهیم یاساناس و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانی ئیدارەی گەرمیان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە تەڵاق، یان جیابوونەوە بەپێی شەرع و یاسا ڕێگە پێدراوە و ڕۆژانە لە تەواوی وڵاتانی دنیا و کومەڵگە جیاوازەکان ئەم حاڵەتە ڕوودەدات، گوتیشی: «پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی (خراپترین حەڵاڵ لای خودا تەڵاقە)، لێرەدا لایەنە شەرعی و یاساییەکانی ئەو بابەتە ڕێگر و بەربەست نییە، ئەوەندەی تێڕوانینی کۆمەڵگە لەسەر ئافرەتی خاوەن کێشە بەربەستی دروست کردووە، دیارە بە هۆی دەسەڵاتی پیاوسالاری هەمیشە پێگەی ژن لە پێگەی پیاو کەمتر بووە، بۆیە بڕیارەکان لای پیاوان دەردەچێت، ئافرەتان خاوەن سەرچاوەیەکی ئابووریی سەربەخۆ نەبوون، بەردەوام چاو لە دەستی پیاو بوون، ئەمەش خاڵێکی تری لاوازیی ژنانە، ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە بە گشتی و ژنان بە تایبەتی یارمەتیدەرێکی دیکەیە بۆ نموونە کچان بە منداڵی بۆیان نەبوو بچنە بەرخوێندن، یان دەبوو تا قۆناغی سەرەتایی بخوێنن، تاساڵانی پێش ڕاپەڕین زۆربەی کچان ئامادەییان تەواو نەدەکرد و دەستیان لە خویندن هەڵدەگرت.

**● فلامینا وەحید بەڕێوەبەری نووسینگەی منارە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان**

لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە لێکترازانی دوو هاوسەری خاوەن منداڵ زیانی لە قازانج زیاترە، لە کاتێکدا ژیانی منداڵ لە کەشێك کە دایك و باوك هەمیشە ناکۆکن کاریگەری خراپی بەسەر دروستبوونی کەسایەتی و داهاتوویان دەبێت، زۆر جار ئارامگەیان لەوە دەبینن کە دایك و باوکیان بەیەکەوە نەبینن، باوکەکە ئەوەندە وێنای خۆی بەو مامەڵەیەی لەگەڵ دایکیان دەکات، ناشیرین کردووە بە جۆرێك منداڵەکان نایانەوێ ببینن، جگە لەوەش خۆشەویستی و ڕێزیان بۆ دایکیان دەبێتە بەزەیی پێداهاتنەوە، بۆیە ناتوانن پەروەردەیەکی دروست لە دایکەکەیان وەربگرن و لە داهاتوودا کەسایەتیان لاواز دەبێت. گوتیشی: «بۆ ئەوەی تووشی ئاکامەکانی دوای جیابوونەوە نەبین، پێویستە کچان لە تەمەنێك هاوسەرگیری بکەن کە لەگەڵ کامڵبوونی هزری بۆ ژیان و خۆ دروستکردن بگونجێت. زوو بەشوودانی کچ کارەساتێکی دیکەیە و هۆکاری سەرەکی لێکترازانی خێزانە» . فلامینا چارەسەر لەوە دەبینێتەوە کە: کار لە سەر هزری ئافرەت بکرێ بۆ ئەوەی یەکێك لە سەرەکیترین ویستەکانی دابینکردنی سەربەخۆیی دارایی بێت، ئەویش لە ڕێگەی دانەبڕان لە خوێندن، پێویست دەکات ئافرەت سەربەخۆیی دارایی پێش پرۆسەی هاوسەرگیری بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی ناچار نەبێت بە زۆری لە لە ناو دۆزەخدا بمێنێتەوە، یاخود بە زۆر لە جگەرگۆشەکانی دابڕێندرێت، با پێوەندی نێوان هاوسەران ڕۆحی بێت، نەك چەند بەرژەوەندییەکی بەرتەسك ناچاری ژیانی هاوبەشیان بکات .»

**پێویستەئافرەت سەربەخۆیی دارایی پێش پرۆسەی هاوسەرگیری بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی ناچار نەبێت بە زۆری لە لە ناو دۆزەخدا بمێنێتەوە**

**پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی (خراپترین حەڵال لای خودا تەڵاقە)، لەبەر ئەوەی لایەنە شەرعی و یاساییەکانی ئەو بابەتە ڕێگر و بەربەست نییە، ئەوەندەی تێڕوانینی کۆمەڵگە لەسەر ئافرەتی خاوەن کێشە بەربەست دروست دەکات**

**ماوەی هەشت ساڵە هاوسەرگیریم لەگەڵ پیاوێکی بەناو ڕۆشنبیر کردووە، سێ منداڵی جوانمان هەیە، بەڵام لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا جەرگم هەشت کونی تێ بووە**

# کێ بەرپرسە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی گیان لە دەستدانی دایکان لە کاتی منداڵبووندا؟

**بەپێـــی ئاماری ڕێکخراوی تەندروســـتی جیهانی (WHO) ســـاڵانە زیاتر لە ٥٠٠ هـــەزار ئافرەت لە کاتی منداڵبوون گیان لە دەستدەدەن. بە بۆچوونی پسپۆڕانی بواری تەندروستی بە هۆی خراپی سیستمی تەندروستی و نەبوونی هۆشیاری تەندروستی ئافرەتان ڕێژەی مردنی دایکان لە هەڵکشاندا بووە، ئافرەتانی کوردستانیش بێگومان لەو بوارەدا پشکی شێریان بەرکەوتووە. بۆیە ئەم پرسیارە ئاراستەی بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان کراوە: ئاخۆ هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردنی دایکان بۆچی دەگەڕێتەوە و بە چ ڕێگەیەك چارەسەر دەکرێت؟**



سەرەتا د. نیان عەبدوڵڵا پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە سیستمی تەندروستیدا زۆر کەموکوڕی هەیە، لەوانە: کەمیی ژمارەی نەخۆشـــخانە و گرانی نرخی چارەســـەرکردن و ئاستی دواکەوتویی تاقیگە و کەرەستە و ئامێرەکانی پشکنین و دەرمانی بەکارهاتوو». سەرباری پێشێلکردنی مافەکانی نەخۆش و هاووڵاتیان لە ڕێگەی مامەڵەی نەشیاو و نەگونجاو، هەروەها ناڕێکی لە کاری نەخۆشخانە تایبەتیەکان و نەبوونی چاودێری لە لایەن تیمەکانی وەزارەتی تەندروستی و سزانەدانی ئەوانەی کە سەرپێچی دەکەن بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان. گوتیشی: «لە وڵاتانی پێشکەوتوو پێچەوانەی لای خۆمان ئافرەتانی دووگیان بە شێوەیەکی بەردەوام لەلایەن پزیشـــکی تایبەتەوە چاودێری دەکرێن. هەروەها ئافرەتانی وڵاتانی پێشکەوتوو زیاتر ڕۆشنبیرن و پابەندی ڕێنماییە پزیشکییەکان دەبن و منداڵیش زۆر دروست ناکەن.»

سەبارەت بە هۆکارە سەرەکییەکانی مردنی دایکانیش ئەو پزیشکە دەڵێت: «خوێنبەربوونی دوای لەدایکبوون، بەرزبوونەوەی فشـــاری خوێن، درێژەکێشـــانی کاتی منداڵبوون، ژەهـــراوی بوونی خوێن، کاریگەری نەخۆشـــییە درێژخایەنەکان، کەمخوێنی، خراپی خۆراك و نەخۆشـــی مەلاریـــا هۆکارگەلێکن کە هەڕەشـــە لە گیانی ئافرەت دەکەن، جگە لەوانەش ئەو دایکانەی نەخۆشـــییەکانی شەکرە، دڵ، گورچیلە، جگەر، یان فشـــاری خوێنیان هەیە، یان منداڵەکەیان دووانە بێت، پێویســـتە لە نەخۆشـــخانە منداڵیان ببێـــت، چونکە ئەو حاڵەتانە پێویســـتییان بە چاودێری وردی پزیشـــك و هەندێکجاریش بە نەشـــتەرگەری هەیە، تەنانەت ئەو ئامارەی لە هەرێمی کوردســـتان لە بەردەستدایە تەنیا مردنی ئەو ئافرەتانـــەی تێدا تۆمارکراوە کە لە نەخۆشـــخانەکان گیانیان لەدەســـتداوە، ئەو ئامارە ڕێژەی ڕاستەقینەی مردنی دایك نیشان نادات، چونکە ساڵانە بەدەیان ئافرەت لە بەردەستی مامان لەماڵەکان لەسەر منداڵبوون دەمرن و لە ئاماری گشتیش تۆمار ناکرێن.

تاڤگە عومـــەر بەڕێوەبـــەری گشـــتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە دەســـتەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، ســـەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە گوێرەی ئەو ئامارانەی لە بەردەســـتدایە ڕێژەی مردنـــی ئافرەتان بـــە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ڕووی لـــە هەڵکشان

کــــردووە. هەڵبەتە ئەمەش بێ هۆ نییــــە و دیارە جگە لەو بارودۆخە خراپەی کــە کۆمەڵگە پێیـــدا تێپەر دەبێت کە تاکەکان بەگشـــتی تێیدا زەرەرمەندن و پشـــکی شێریش بەر ئافرەتان دەکەوێت، کۆمەڵێك هۆکاری دیکەشی هەیە. وەك هۆکارە ئابوورییەکان: دیارە تا ئێستاش ئافرەت کۆڵەکەی بەڕێوەبردنی ماڵن و بەشـــێکی زۆری دابینکردنی پێداویســـتی خێزان دەکەوێتە ئەســـتۆی ژنان، بۆیە ئـــەم هەڵتەکانە ئابوورییـــەی ئەم دواییەی هەرێمی کوردســـتان کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەســـەر ژیان و گوزەرانی خێزان دروست کردووە کە ئەمەش بە پلەی یەکەم ڕەنگدانەوەی لەسەر ئافرەتان دەبێت، بەوەی کە نەتوانێت پێداویستی خێزانەکەی دەستەبەر بکات.

جگە لە هۆکاری ئابووری، نەبوونی پێداویستییە پزیشکیەکان و دارمانی ژێرخانی تەندروســـتی لە هەرێم بە هۆی قەیرانی دارایی و نەناردنی دەرمان و پێداویســـتییە پزیشکیەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، ئەمانە کاریگەری خراپی لەســـەر هەموو لایەك دروســـت کردووە، ئافرەتانیش لەو گرفتەدا پشکی شێریان بەردەکەوێت بەوەی کە تووشی جۆرەها نەخۆشی ژنانە دەبن، کە پیاوان تووشی نابن، ئەمەش فاکتەرێکی دیکەیەە بۆ مردنی ئافرەتان بە نەخۆشییەکان، هەروەها زۆربوونی ڕێژەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان وایکردووە کە هەمان ژمارەی نەخۆشـــخانە و بنکە تەندروســـتیەکان و ستاف و کارمەندانی نەخۆشـــخانەکانی هەرێم بەتایبەتیش نەخۆشخانەی منداڵ بوون بۆ ئەم ڕێژە زۆرەی ئافرەتانیش بەکاربێت، لێرەدا دەبینین کە ئیســـتیعاب نەکردنی ئەم نەخۆشـــخانانە و پێ ڕانەگەیشـــتنی کارمەنـــدان و کەمیـــی دەرمان بە مردنی ئافرەتـــان کۆتایی دێت، چونکـــە بە هۆی بارودۆخەکەوە لەوانەیـــە ئافرەتان خزمەتگوزاری تەندروستی وەکو پێویســـت وەرنەگرن. لە لایەکی دیکەوە ئامارەکان دەریدەخـــەن کە ڕێژەی جیابوونەوەی خێزانەکان ١٥٪ زیادی کردووە، ئەمەش کێرڤێکی زۆر مەترســـیدارە و هەڕەشەیەکی ترسناکە بۆسەر ئایندەی کۆمەڵگە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی گیان لە دەستدانی ئافرەتان بە شێوازی جیاجیا .

ڕۆژنامەنووس و ڕاهێنەری تەندروستی یاسین جاف، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە هەموو ئامار و داتاکان چ لە ســـەر ئاستی جیهانی و چ لەسەر ئاستی عێراق و کوردستانیش ئەوە دەردەخەن کە ڕێژەی مردنـــی ئافرەتان لە بەرزبوونەوەدایە، گەرچی ڕێژەکە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دی جیاوازە، ســـەبارەت بە کوردســـتانیش دەکرێ بڵێین: سیستەمی تەندروستی لە کوردستان هەم بە شێوەیەکی ناتەندروست پراکتیزە دەکرێت، هەمیش لە ســـەر ئاستی هوشیاریی خۆپارێزی و پاراســـتنی تەندروستی کێشـــەی هەیە، هەموومان ئەوە دەزانین کە خۆپاراستن لە چارەسەری باشترە.

بەڵام ئایا لە سیســـتەمی تەندروستی چیمان بەتایبەت بۆ دایکان و ئافرەتانی دووگیان کردووە؟ ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی کێرڤی زۆر لـــە خوارەوەیە و تەنانەت کوڕان و کچانی ئێمە پێش پرۆســـەی هاوسەرگیری شـــتێکی وا لەسەر پرسی جووتبوون و سێکس نازانن. دەکرێت ڕاشـــکاوانە بپرســـین: ئایا کچان و کوڕانی ئێمە ئاســـتی ڕۆشـــنیرییان لە سەر دووگیانی لە چ ئاستێکدایە و پیاوان لە کاتی دووگیانـــی خێزانەکانیان چەندە هاوکاریان دەبن؟ ئەی پزیشـــکان و کارمەندانی بنکە تەندورســـتییەکان کە بەشـــێکیان هەیە بەناوی چاودێری دایکایەتی، ئایا لەم بەشـــەدا جگە لە ناونووســـکردنی و کردنـــەوەی فایلێکی دایکایەتی و کوتانەکانـــی دایکایەتی، چەندە ڕۆشنیری پێویســـت بە ئافرەتی دووگیان دەدەن؟ هەروەها ئافرەتانی ئێمە ئەوەندەی بۆ ســـونەر دەچنە لای پزیشك بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ منداڵەکەیان کچە، یان کوڕە، نیو هێندە لەباری تەندروســـتی خۆیان ناپێچنەوە، ئەمەش کێشـــەیەکی دیکەیە. کەوایە بە کورتی ئاســـتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی چاودێری دایکایەتی لە هەرێمی کوردستان زۆر سادە و ســـەرەتایین، بۆیە ڕێژەی مردنی ئافرەتان لە بەرزبوونەوەیە .

لـــە لای خۆیەوە پەرلەمانتار زوڵفا مەحموود ســـەرۆکی لیژنەی کاروباری تەندروســـتی و ژینگە لە پەرلەمانی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە سەلامەتی و تەندروستیی گشتی بە یاسا مسۆگەر ناکرێت، بەڵکو چاودێریکردن و ڕێنمایی پێویستە، گوتیشی: «وەکو لیژنـــەی کاروباری تەندروســـتی لەم خولەدا چەند پڕۆژەیاســـامان پێشـــکەش بە پەرلەمان کردووە و خوێندنەوەی یەکەمیشیان بۆ کراوە، یەکێـــك لە پڕۆژەکانمـــان دوو ماددەی مـــاوە و خەریکە دەکرێ بە یاسا، ئەوەندەی ئێمە تێبینیمان کردووە، ڕێژەی مردنی دایکان زیادی نەکردووە بە بەراورد لەگەڵ ســـاڵانی ڕابـــردوو، بەڵام جێگەی داخە لە هەرێمی کوردســـتان ڕێژەی منداڵبوونی سروشتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە داشـــکاندایە و منداڵبوونیش لە ڕێگەی نەشـــتەرگەری لە هەڵکشـــاندایە، لە کاتێکدا لە هەمـــوو جیهاندا ڕێژەی منداڵبوون لە ڕێگەی نەشتەرگەری ١٠ تا١٥٪ تێپەڕ ناکات، لە کوردستان خەریکە لـــە ٥٠٪ تێپەڕ دەکات، لەلایەکی دیکەوە ئێمە چەندینجار وەزارەتمان ئـــاگادار کردۆتەوە لـــە گرنگینەدانیان بە بنکە تەندروســـتییەکان کێشـــەی زۆر بەتایبەتی بۆ دایکان دروســـت دەکات، من وەکو خۆم پێموایە گرنگیدانـــەکان تەنیا بۆ موزایەدەی سیاســـی بەکاردێن و لە کاتی هەڵبژاردنەکان دەســـت دەکرێ بـــە دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەکان، لە کاتێکدا بنکە تەندروستییەکان زیاتر پێویستیان بە گرنگیپێدانە، کەواتە گرنگینەدان بە بنکە تەندروستییەکان وایکردووە نەتوانین ئاســـتی ڕێژەی مردنی دایك و کۆرپەلـــە دیاری بکەین، لە کاتێکدا ســـاڵانە بە هەزاران دایـــك منداڵیان دەبێت بە بێ بوونی پرۆسەی چاودێری دایکایەتی، بەبێ هیچ کوتانێکی پێویست، بەبێ بوونی پزیشکی پسپۆڕ بۆ چاودێریکردنی دایکان .

ســـەرۆکی لیژنەی تەندروستی ڕێکاری چارەسەر لەوەدا دەبینێت کەوا وەزارتی تەندروســـتی هەوڵی ئەوە بدات ڕێنمایی و هۆشیاری تەندروستی بڵاوبکاتەوە، گرنگی زیاتر بە بنکە تەندروستییەکان بدات، چاودێری بەســـاڵاچووان و دایکان و منداڵانی تازە لەدایکبوو بکەن، هەروەها کێشەی نەبوونی داتا چارەسەر بکرێت و هەوڵبدرێ داتاکان کۆبکرێنەوە، لە بنکە تەندروســـتییەکانیش پزیشکی خێزانی هەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشـــدا پێویستە ڕاهێنانی بەردەمای کارمەندانی بنکە تەندروستییەکان بایەخی زیاتری پێبدرێت، بە مەبەستی پێدانی هۆشیاری تەندروستی بەو نەخۆشانەی کە سەردانیان دەکەن، هەموو ئەوانە کارێکی ئاسانن و تێچوونێکی وایشی نییە.»

بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروســـتی جیهانی ســـاڵانە زیاتر لـــە ٥٠٠ هەزار دایـــك لەکاتی منداڵبوون دەمرن، کـــە ٩٩٪یان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمن، بەتایبەت لە باشووری ئاسیا و ئەفریقیا. ڕێکخراوی تەندروســـتی جیهانی (WHO) لەســـاڵی ١٩٩٥ـەوە هەوڵی جددی دەدات بۆ نەهێشتن یاخود کەمکردنەوەی مردنی دایك بەهۆی دووگیانییەوە، هەروەها کەمکردنەوەی مردنی منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ســـاڵی، ئەمانە هەوڵێك بوون بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن لەماوەی ٢٥ ســـاڵ بۆ ڕێژەی ســـێ لەسەر چوار، بەتایبەتی لـــە وڵاتانی ئەفریقیـــا، چونکە مردن لەوێ ڕێژەکـــەی زۆر زیاترە لەئەمریکا و ئەوروپا. بە گوێرەی ئاماری نەخۆشـــخانەی ئافرەتان و لە دایکبوون ساڵی ڕابردوو لە هەولێر پێنج ئافرەت لەکاتی منداڵبوون مـــردوون و لە ماوەی هەشـــت مانگی ڕابردووش ســـێ ئافرەت بەم هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە.

**ساڵانە بەدەیان ئافرەت لە بەردەستی مامان لەماڵەکان لەسەر منداڵبوون دەمرن و لە ئاماری گشتیش تۆمار ناکرێن.**

**لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی منداڵبوونی سروشتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە داشکاندایە و منداڵبوونیش لە ڕێگەی نەشتەرگەری لە هەڵکشاندایە، لە کاتێکدا لە هەموو جیهاندا ڕێژەی منداڵبوون لە ڕێگەی نەشتەرگەری ١٠ تا١٥٪ تێپەڕ ناکات**

**ساڵی ڕابردوو لە هەولێر پێنج ئافرەت لەکاتی منداڵبوون مردوون و لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردووش سێ ئافرەت بەم هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە**

# ئافرەت لە کەرتی تەندروستیدا سەرکەوتووترە لە پیاو لە بەر ئەوەی هیچ پیاوێک وەک ئافرەت ناتوانێ باری تەندروستیی منداڵەکەی بپارێزێ



**ئافرەت بەهۆی ئەزموونی دایکایەتی لە چاودێریکردنی تەندروستی خێزانەکەی زۆر لە پیاو سەرکەوتووتر بووە، هەر بۆیە شارەزایان رایانوایە بوونی ئافرەت لە کەرتی تەندروستی و چاودێریکردنی نەخۆشیش پرۆسەی تەندروستی بەرەو پێشتر دەبات، بەڵام بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی لە کۆی ٢٣ نەخۆشخانە لەشاری هەولێر تەنیا دوو ئافرەت پۆستی بەڕێوەبەریان پێ سپێردراوە، ئەوەش بە هێمایەك دادەنرێ بۆ ئەوەی بگوترێ: پەراوێزخستنی ئافرەت کەرتی تەندروستیشی گرتۆتەوە. بەشداربووانی ئەو راپۆرتەی گوڵان زیاتر شرۆڤەی ئەو بابەتە دەکەن.**

«ئەندامانی خێزانەکەم کە نەخۆش دەکەون، یەکەم شت هانا بۆ من دەهێنن و داوای یارمەتیم لێدەکەن، تەنانەت هاوسەرەکەشم کە باری تەندروستی خراپ دەبێت راوێژم پێدەکات، من زۆر کەم منداڵەکان بۆ نەخۆشخانە و عیادەی ناو کۆڵانەکان دەبەم، چونکە لەناو سەلاجەکەمدا هەموو ئەو دەرمانانەم هەیە کە بۆ سەرئێشە و سەرمابوون و تا و کۆکە و هەڵامەت و ددان ئێشە بەکاردێت، سەرباری ئەوەی لە سەرما و گەرما دەیانپارێزم و لە وەرزی سەرما شەوانە دایاندەپۆشم، جگە لەوەش هەمیشە ئامۆژگاری ئەوەیان دەکەم کە ئاگاداری باری تەندروستی خۆیان بن»، ئەوە قسەی ئەسمەر رەسووڵ بوو. ئەو دایکی چوار منداڵە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەتان ئەزموونی دایکایەتی و خەسڵەتی میهرەبانییان زۆرەو لە کەرتی تەندروستی باشتر لە پیاوان دەتوانن خزمەتی نەخۆش بکەن».

## رۆڵی ئافرەت لە کاتی پەرستاریی نەخۆشدا زۆر لە پیاوان گرنگترە

لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەری نەخوشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی سۆران (د. شادان شێروان) ئەوەی بۆ گۆڤاری گوڵان خستەڕوو کە رۆڵی ئافرەت لە کاتی پەرستاریی نەخۆشدا زۆر لە پیاوان گرنگترە، چونکە ئافرەت زیاتر دەتوانێت لە کێشەکانی نەخۆش نزیك بێتەوە، گوتیشی: «من وەك ئافرەتێك کە بەڕێوەبەری ئەم نەخۆشخانەیەم ئەرکم شانبەشانی پیاوەکان و بگرە زۆر قورستریشە، چونکە دەبێت بە هەستێکی دایکانە چاودێری نەخۆشەکانمان بکەین».

د. شادان جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەت ئەگەر بتوانێت پۆستی

وەك بەڕێوەبەری نەخۆشخانە وەربگرێت زۆر سەرکەوتوو دەبێت، چونکە زۆربەی نەخۆشەکان منداڵ، یان ئافرەتن، بە سروشتیش ئافرت باشتر دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو چینەی کۆمەڵگە بکات و زیاتر لە نەخۆشەکان نزیك دەبێتەوە. ئەو پزیشکە بەڕێوەبەرە نموونەی بە خۆی هێناوە و گوتی: «من خۆم چونکە ئافرەتم، هەموو نەخۆشەکان متمانەم پێدەکەن، ئەمەش وادەکات بتوانم زیاتر بتوانم بچمە ناو ژیانی نەخۆشەکانەوە، زۆرتریش بتوانم بەسەر کێشەو گیروگرفتی نەخۆشخانەکەدا زاڵ بم». گوتیشی: «رۆژانە لە بەشە جیاجیاکانی نەخۆشخانەکەدا ئێمە بەرنامەیەکی وەهامان داناوە، کە هیچ کام لە نەخۆشەکان بێبەش نەبن، چونکە ئێمە وەك ئافرەت زیاتر لە کێشەی نەخۆش تێدەگەین، بۆ نموونە ئافرەتێك کە هەم دایکە و هەم پزیشکە، زۆر باشتر دەزانێت دایکێك کە منداڵەکەی نەخۆش بێت، چون مامەڵەی لەگەڵ بکات و زیاتریش چاودێری منداڵە نەخۆشەکەی دەکات».

ئەو پزیشکە لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە نەخۆشخانەکەیان لەچەندین بەش پێکهاتووە و تەنیا لە بەشی راوێژکاری منداڵان رۆژانە سەد تا دووسەد نەخۆش دەبینن. ئەوەشی خستەڕوو کە نەخۆشخانەکەیان یەکێکە لەو نەخۆشخانەیانەی کە لە یەکەم رۆژی دامەزرانەوە بەڕێوەبەرەکەی ئافرەت بووە، سەبارەت بە خۆیش گوتی: «کار و بەرپرسیارێتی بێ کێشە نابێت، هەرچەندە گرفتیشمان بووبێت، توانیومانە زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بکەین و هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکەین کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەتیش وەك پیاو دەتوانێت ببێتە بەڕێوەبەر و سەرجەم پۆستە کارگێڕییە جیاوازەکان وەربگرێت، دەشتوانم بڵێم لە کاری بەڕێوەبەرێتیدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان ژن و پیاودا نابینم». جەختی لەوەش کردەوە کە ئەو نەخوشخانەی لەدایکبوون و منداڵان زۆر لەئافرەتەکان کە لە پۆستیەکانی تەندروستیدان سەرکەوتووبوون، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەت زۆر بە کارامەیی دەتوانێت کارەکەی بکات. باسی لەوەشکرد کە بەهۆی ئەوەی کە شاری سۆران و ناوچەکانی دەوروپشتن روو لەو نەخۆشخانەیە دەکەن، رێژەی نەخۆشەکانیان زۆرە و پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لەسەرە، بەڵام هەرچۆنێك بێت بە دروستی مامەڵ لەگەڵ نەخۆشەکانیان دەکەن. گوتیشی: «زۆر لەو ئافرەتانەی کە لە کەرتی تەندروستیدان، زۆر سەرکەوتوون و ئافرەتمان هەیە ئیشی دە پیاو دەکات، هێندە تونای هەیە».

زەینەب ئەرکەوازی لێپرساوی رێکخراوی راگەیاندن و روناکبیری ژنان لە خانەقین، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە لە زۆربەی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ئافرەت هەمیشە پەراوێز خراوە و زیاتر پیاو بۆ وەرگرتنی پۆستەکانی حکوومی چانسی هەیە، هۆکاری ئەوەشی بۆ «بیرکرنەوەی سەقەتی کۆمەڵگە» گەڕاندەوە کە ئافرەت بە کەم توانا و لاواز دەبینن. گوتیشی: «بوونی ئافرەت لەناو نەخۆشخانەکاندا زۆر پێویستە، چونکە ئافرەت هەستی دایکایەتی هەیە و درککردن و تەحەمول و سۆزیشی لە پیاو زیاترە، ئەو خەسڵەتانە جگە لە چارەسەری نەخۆش لە بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی نەخۆشخانەشدا رۆڵی بەرچاوی دەبێت».

زەینەب پێشنیاری کرد «حزبەکان بە هیچ شێوەیەك دەست ناخەنە نێو کەرتی تەندروستی و لە بری ئەوە هەوڵ بدەن کچان زیاتر روو لە خوێندنی پزیشکی و پەرستاری بکەن، چونکە سۆز و هەستی دایکانەی ئافرەتان لە چارەسەری نەخۆشەکان کاریگەری زۆر زیاتری لە پیاوان هەیە، گوتیشی: «دەبێ زیاتر جەخت لەسەر رۆڵی ئافرەت لە هەموو بوارێکدا بکرێتەوە، چونکە ئافرەت هیچی لە پیاو کەمتر نییە و ئێستا دەبێ رەچاوی ئەوە بکرێت کە ئافرەت لە سەنگەری بەرگریدا لەجەنگدایە و شانبەشانی پیاوان چەکی شەرەفی هەڵگرتووە».

لەلای خۆیەوە سەرۆکی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان (سۆزان عارف)، هێمای بۆ ئەوە کرد کە دەرکەوتنی تواناکانی ئافرەتان یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە ئەمڕۆ هەستی پێدەکرێت، گوتیشی: «لە رووی بەڕێوەبردنەوە ئافرەتان زۆرتر سەرکەوتوون، چونکە ئەوان هەمیشە زیاتر بەدواداچوون بۆ هەموو گرفت و کێشەکان دەکەن، نەخۆشخانەش پێویستیی بە ئافرەتی زۆرتر هەیە، لەبەر ئەوەی ئافرەت زۆرتر لە کێشەکانی نەخۆش دەگات، بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەش کە رووەدەکەنە نەخۆشخانەکان ئافرەت و منداڵ بەساڵاچوون، کە بێگومان ئافرەت باشتر لە پیاو لەگەڵ ئەو توێژانەدا دەتوانێت مامەڵە بکات، بە تایبەتی لەگەڵ ئافرەتانی نەخۆش، چونکە وەك خۆی ئافرەتە و لە یەکتری تێدەگەن، هەروەها ئافرەت باشتر مامەڵە لەگەڵ منداڵی نەخۆش دەکات، چونکە دایکە و هەست بە سۆزی دایکایەتی دەکات، هەر کەسێکیش کە رووەدەکاتە نەخۆشخانە پێویستی بە سۆزێکی دایکانە هەیە».

سەرۆکی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان جەختی لەوە کردەوە کە «لە کۆمەڵگە نەریتسالارییەکان هەمیشە ئافرەت بەوە تۆمەتبار دەکەن کە ناتوانن لە کاری بەڕێوەبەری، یان سەرپەرشتیکردندا سەرکەوتوو بن، ئەمەش گرفتی سەرەکیی هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و دواکەوتنیشیان بە هۆی ئەوەیە سوود لە تواناکانی ئافرەت وەك نیوەی کۆمەڵگە وەرناگرن».

**لەکۆی ٢٣ نەخۆشخانە لەشاری هەولێر تەنیا دوو ئافرەت پۆستی بەڕێوەبەریان پێ سپێردراوە**

**ئافرەتان ئەزموونی دایکایەتی و خەسڵەتی میهرەبانییان زۆرەو لە کەرتی تەندروستی باشتر لە پیاوان دەتوانن خزمەتی نەخۆش بکەن**

**ئافرەتان زیاتر بەدواداچوون بۆ هەموو گرفت و کێشەکان دەکەن، نەخۆشخانەش پێویستیی بە ئافرەتی زۆرتر هەیە، لەبەر ئەوەی زۆرتر لە کێشەکانی نەخۆش دەگات**